# رێکخستنی ڕەنگی پێڵاو لەگەڵ کراسی کوردی







ئەو ئێکســـوارانەی لەگـــەڵ جلی کوردی دەپۆشرێن، یان ئامادە دەکرێن،دەبێ لە جوانترین شـــێوە و دیمەن خۆی بنوێنێت، ئەمەش وادەکات کە خانمان تووشی دوو دڵی ببن لە هەڵبژاردنی ئێکســـوارەکان، یەکێـــك لـــە ئێکســـوارە پێویســـتەکان، کە پێڵاوە، گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە لـــە گونجاندنی لەگەڵ جلـــی کوردیدا، چونکـــە مۆدە تازەکانی جلی کوردی، بەشـــی خوارەوەیان دیارە و شێوەیان جیاوازی هەیە لەگەڵ مۆدەکانی پێشتر، لەو کاتەی گشت بەشەکانی کراســـی کوردی ئامادە دەبێت، پێویستە بیر لە هەڵبژاردنی پێڵاوێکی جوان و ناسك بکەینەوە، زیاتریـــش پێڵاوی پاژنە بەرز لەگەڵ کراســـی کوردی لەپێ دەکرێت، بەهۆی ئەوەی کراســـی کوردی، پێویستی بە باڵایەکی ڕێك و گونجاوە، بەمەش پێڵاوی پاژنە بەرز مۆدەیەکی گونجاو دەبێت. گرنگترین لایەن لە هەڵبژاردنی پێڵاوی بۆ کراســـی کوردی، دەبێ لە ڕەنگی کراسەکە بێت، چونکـــە ئەمەش زیاتـــر دەبێتە هۆکارێك بۆ گونجاندنی نێوان بەشـــی خوارەوەی کراسی کوردی.

## گیراوەیەک
## بۆلابردنی پەڵەی ڕەشیی چاو



خانمـــان زۆر جار تووشـــی هەڵەی ماکیاژ یان چەندیـــن جۆرە هەڵە و نەخۆشـــییەکانی پێســـت دەبن، ئەمەش کاتێك کار دەکاتە ســـەر جوانیی روخســـار و شێوەی سرووشتی پێســـتیان، وەك دەرکەوتنی پەڵە و بوونی ڕەشـــی لە دەوروبەری چاوەکان، کە بە ڕەشـــیی چاو ناسراوە، شێوەی وەك پەڵەیەکی ڕەشـــە لە ژێر چاو یان ســـەرەوەی یان دەوروپشتی چاو دەردەکەوێت، ئەمەش کە لەلایەن پســـپۆرانی بواری جوانکاری کاریان کردووە بۆ ئامادەکردنی گیراوەیەك کە چارەسەری ئەو لایەنە دەکات، گیراوەکەش بەم شێوە و ڕێگەیە ئامادە دەکرێ :

هەنگاوی یەکەم : هەندێك ئاوی پاك بهێنە و گەرمی بکە، تاوەکو دەکوڵێـــت، دواتر ئاوەکە بخەرە ناو کیســـەیەك کە ئاو هەڵبگرێت وەك نایلۆنێکـــی بەهێز، دواتر یەك کیســـەی چا بخـــەرە ناو ئاوەکە و بۆ ماوەی (٥) خولەك بمێنێتەوە.

هەنگاوی دووەم : کیســـەکەی چا لەنـــاو ئاوەکە دەربهێنە و بەبێ ئەوەی ئاوەکەی لەســـەر بمێنێتەوە، بیخەرە ناو ئامێری ســـاردکەرەوە (سەلاجە) بۆ ماوەی (٢٠-٣٠) خولەك.

هەنگاوی سێیەم : کیسەکان بهێنە دەرەوە تاوەکو سارد دەبێتەوە، دواتر ئەو ئاوەی لەســـەر کیسەکان هەیە، داوەشـــێنە و یان بە لۆکە ئاوەکەی لەسەرا وشك بکەرەوە، بەڵام باشترە هەندێك تەڕیی پێوە بمێنێت.

هەنگاوی چوارەم : لەسەر پشتت پاڵکەوە و دواتر ئەو کیسانە بهێنە و بیخەرە سەر چاوت و دڵنیابە لەوەی کە تەواوی چاوت دادەپۆشێت و بە پەنجەکانیش وابکە کە کیســـەکە بە ژێرەوەی چاوت یان ئەو شوێنانە بکەوێت کە ڕەشیی گرتووە.

هەنـــگاوی پێنجەم : بۆ ماوەی (٣٠) خولەك با کیســـەکان لەســـەر چاوت بن و پاشـــان دەم و چاوت بە ئاوێکی سارد بشۆ، هەندێك هەست بە گەورەبوونی ژێرەوەی چاوت دەکەیت، بەڵام شتێکی ئاساییە و هەوڵبدە هەفتانە (٣) جار دووبارەی بکەیتەوە بۆ ماوەی مانگێك.

# چاویلکه له وه‌رزی زستانیش سه‌رنجڕاکێشه



له‌گه‌ڵ هه‌ر وه‌رزێکی ساڵدا، چه‌ندین مۆده و شێوه‌ی جوان له ئێکسسواره‌کان ده‌رده‌که‌ون، هه‌ر یه‌که به جۆرێك مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵدا ده‌کرێت، به پێی گرنگی و شێوازی ئێکسسواره‌که، واته ده‌توانین ئه‌و جۆره هه‌ڵبژێریت که له‌گه‌ڵ هه‌ست و خواستت ده‌گونجێت، یان ده‌توانین له‌گه‌ڵ گونجاندنی به جلوبه‌رگ، یان ماکیاژ، یان هه‌ر به‌شێکی دیکه‌ی جه‌سته‌وه بێت، ده‌بێ خانمان بزانن چۆن له‌گه‌ڵ ئه‌و جۆره شێوازه مامه‌ڵه ده‌که‌ن و یان کاری له‌سه‌ر ده‌که‌ن، وه‌ك چاویلکه، که به‌شێکی گرنگه بۆ رازاوه‌کردنی رووخسار، له‌و کاته‌شدا زۆر به‌سووده بۆ پارێزگاری کردنی چاو له تیشکی به‌هێز و خۆڵ و که‌شی ناشیاو، چاویلکه زیاتر له وه‌رزی به‌هار و هاوین له چاو ده‌کرێت، به‌ڵام له زستانیشدا، بۆ خۆپاراستن له هه‌وای ساردی ئه‌و وه‌رزه و ساردی و باران، ده‌کرێ خانمان چاویلکه له چاو بکه‌ن، ته‌نانه‌ت مۆده و دیمه‌نێکی ناسك و جوانی هه‌یه، بۆ وه‌رزی زستان چه‌ندین مۆده‌ی جوان و شیاو هه‌ن، له‌وانه چاویلکه‌ی شێوه‌ی گه‌وره، که زۆربه‌ی چاو داده‌پۆشێت و دیمه‌نێکی رازاوه‌شی هه‌یه، سه‌باره‌ت به ره‌نگه‌کانیش، خانمان ده‌توانن به پێی خواستی خۆیان هه‌ڵبژێرن.

## پانتۆڵی جینز بۆ ساڵی ٢٠١٣

جلوبه‌رگ، به پێ جوانی و دیکۆر و ستایلی تازه‌وه دیاری ده‌کرێت، هه‌ر مۆده‌یه‌ك شێوازێکی جوان له خۆ ده‌گرێت، ده‌بێته مۆده‌یه‌کی شایسته، که جوانی و رازاوه‌یی خۆی ده‌رده‌خات و دیمه‌نێکی ناسکیشی ده‌بێت، یه‌کێك له‌و جلانه‌ی که هه‌رده‌م له کوردستاندا باوی هه‌یه و خانمان ده‌یپۆشن، ئه‌ویش پانتۆڵی جینزه، ئه‌وه‌ی به کاوبۆی ناسراوه. له مۆده‌کانی پێشوودا، جینزی ته‌سك و لاستیك، ئه‌وه‌ی جه‌سته ده‌گرێت، مۆده‌یه‌کی باوبوو، ته‌نانه‌ت ماوه‌یه‌کی زۆریش توانی له‌سه‌ره‌وه‌ی مۆده‌کان بمێنێته‌وه، مۆده‌کانیش له‌گه‌ڵ وه‌رزه‌کاندا گۆڕانکارییان به‌سه‌ردا دێت، هه‌روه‌ها له‌گه‌ڵ هاتنه‌وه‌ی سه‌ری ساڵی تازه‌ش مۆده‌ی نوێ ده‌رده‌که‌ون، ئه‌و مۆدانه‌ی که بۆ ساڵی ٢٠١٣ له جینزه‌کان دانراون، شێوه‌یه‌کی کلاسیك و ستایلێکی سه‌رنجڕاکێشی هه‌یه، که ئه‌ویش له پانتۆڵێکی جینزی ناسك، که له ته‌سکی دوور کراوه‌ته‌وه و هه‌ندێك لۆچ و پۆچی پێوه دیار ده‌بێت، به تایبه‌ت کاتێك له‌گه‌ڵ بۆدی و یان بلوزێکدا له‌به‌ر ده‌کرێت، هه‌مان ستایل به‌ره‌و خواره‌وه دێ و ته‌نانه‌ت تاوه‌کو سه‌ر قاچیش به ته‌سکی و ناسکی دێته خواره‌وه و ئه‌مه‌ش ده‌بێته مۆده‌ی تازه‌ی ساڵی ٢٠١٣.



## ته‌سریحه له شێوه‌ی کێک

زۆری ته‌سریحه‌کانی قژ، رێگه‌یه‌کی جوانن بۆ ئاراسته‌کردنی بنه‌مایه‌کی جوانکاری له قژ و دانانی ته‌سریحه‌یه‌کی رازاوه و شایسته، ئه‌مه‌ش واده‌کات که له شێوازه جوانه‌کانی ته‌سریحه‌کاندا، ناسکترین مۆده و شێوه به‌دی بکرێت، پسپۆران له بواری جوانکاری ده‌ڵێن، مه‌رج نییه له‌سه‌ر شێوه کۆنه‌کاندا کار بکه‌ین، ده‌توانین له‌سه‌ر شتی تازه و نوێکاری بۆ بکه‌ین، وه‌ك دانانی ته‌سریحه له شێوه‌ی ئه‌و شتانه‌ی که خۆشه‌ویست و به‌هادارن له نێو خه‌ڵکدا، وه‌ك : په‌پووله – گوڵ -کێك، بۆیه له جوانترین و تازه‌ترین شێوازه‌کانی ته‌سریحه، دانانی ته‌سریحه‌یه له‌سه‌ر شێوه‌ی گوڵ و کێك، به‌ڵام ئه‌وه‌ی زیاتر داوای له‌سه‌ره و مۆده‌یه‌کی جوانه، بریتییه له ته‌سریحه‌ی شێوه کێك، که وه‌ك کێکی خواردن وایه و ته‌نانه‌ت له دوو به‌ش پێکدێت، یه‌کێکی ده‌بێته بناغه‌ی ته‌سریحه‌که‌و، ئه‌وه‌ی دیکه‌ش له‌سه‌ره‌وه به شێوه‌یه‌کی تۆپ و خڕ ده‌به‌سترێت، ئه‌و ته‌سریحه‌یه‌ش، له گشت شوێن و کاتێکدا ده‌کرێت و ئاماده بکرێت، له‌وانه : بۆ کاتی ئاهه‌نگ و ماڵ، یان بۆ کاته‌کانی شه‌و و رۆژ، که وه‌ك قژێکی هه‌ڵگیراو، له ناوه‌ڕاستی پشته‌وه‌ی سه‌ر داده‌نرێت و دیمه‌نێکی سه‌رنجڕاکێش و جوانی هه‌یه.



# ئامێر و کەرەستەکانی کوردەواری



کەرەستەکانی کوردەواری، جێگەی سەرسامی و بایەخی ڕۆژگارەکانی پێشوو و ئەمڕۆ بوون، بەمەش هەر کەرەستەیەك بۆ کارێکی تایبەت بە کاردەهێنرا، پیاوانی خاوەن کار و بەرهەمی ڕۆژانی پێشوو، لەبەرئەوەی زۆربەی کارەکانیان بە دەست بووە، بۆیە هەوڵیان داوە ئەو کارانەی بە دەست ئەنجام نادرێن، ڕێگەیەکیان بۆ ببیننەوە تاوەکو پێوەی ئەنجام بدەن، چەندین کەرەستەی کارکردنی دەستی هەن لە کوردەواری، کە ئەوانیش، وەك : پێمەڕەبڕ جۆرێکە لە ئامێر بۆ قووڵ کردن و هەڵکەندن یان بۆ کێڵانی زەوی بەکاردەهێنرا، کە سەرێکی باریکی هەیە و لەگەڵ دوو شوێنی زیادە کە پێ دەخرێتە سەری و کاری پێ دەکرێت، هەروەها داس و قیناغ هەبووە، کە دوو ئامێری بەسوود بوون لە بواری دروێنە کە بە داس ئەو بەروبوومە لێدەکرایەوە و قیناغەکانیش بۆ پاراستنی پەنجە تاوەکو بەر داس نەکەوێت لە پەنجە دەخران، سەبارەت بە خاکەناسیش کە کەرەستەیەکی باوە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاردەهێنرێت بۆ کاری تایبەت کندوو هەبووە کە تەنیا سەرێکی هەیە بۆ لێدانی بیر بەکاردەهێنرێت، ئەوەی لێرەدا دمانەوێ باسی بکەین، (قازمە)یە، وەك لە وێنەکەدا دەبینن، شێوەی پارچە ئاسنێکی پۆڵایە و لە دوو جەمسەر پێکدێت، جەمسەرێکی تیژە و وەك لوولە وایە، لایەکەی دیکەشی پانە و تیژە، ئەو لایەی کە لوولە و تیژە، بۆ کێڵان و قووڵکردنی زەوی بەکاردێت، کە ناوەڕاستی هەردوو جەمسەر کونێکی گەورەی هەیە، لەو کوونە داری تێدەخرێت بۆ ئەوەی بە دەست بگیرێت، سەبارەت بە لایە پان وتیژەکەی، لە دوای بەکارهێنانی سەرە تیژەکە، ئینجا بەو سەرە پانە ئەو شوێنە خۆشدەکرێت کە هەڵکێنراوە.



## چاوشارکانێ. چاوشلکانێ

**ڕەوەند بەختیار**

جیهانی منداڵی پڕیەتی لە جوانی و سادەیی و وێنەو یادگاری ڕەنگین و پر تام وچێژ ئەو بەرائەت و پاکییەی لەو جیهانەدا هەیە لە دنیای هەرزەکاری و گەورەییدا نابینرێت، بەشێکی دنیای منداڵان یاری و خۆ خەریکردن بووە، جاران لە شێوەی ئێستا شاری یاری یان یاریی جۆر بەجۆری ئەلیکترۆنی و دەستی نەبوون، بەڵکو یاریەکان سادەو فۆلکلۆری بوونە، یەکێك لەو یاریانە کە ڕەنگە زۆرانێکمان ئەنجامی دابێت، یاری چاوشلکانێ بوو، چاوشلکانی بە کۆبوونەوەی چەند منداڵێك ئەنجامدەدرا هەڵبژاردنیان دەکرد، بۆ ئەوەی یەکێك دەربچێت تاوەکو چاوی خۆی بنوقێنێت تا ژمارەیەکی دیاریکراو بۆ نموونە تا ژمارە سەدی دەژمار لەو ماوەیە منداڵەکانی دیکەش، خەریکی خۆ حەشاردان و خۆ ون کردن بوون و هەر یەکەیان دەیویست باشترین شوێن بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی نەیدۆزنەوە، ئەوەی یەکەم کەس ئاشکرا ببووایە ئەوە دەبوو چاوی خۆی بنوقێنێت و بەدوای ئەوانی دیکەدا بگەڕێت، ئەوەی چاوی دەنوقاند و پاشان ژماردنەکە تەواو دەبوو ئەوە دەستی دەکرد بە گەڕان بەدوای ئەوانی دیکە، کە یەکێکی بدۆزیبایەوە، پێی دەگوت (قیف)، ئەو کاتە نەمان دەزانی قیف مانای چییە دەمان گووت فلانەکەس قیف کرا ئێستا تێدەگەین واتا وەستێنرا..

# ڕۆژێک بۆ پاژنە بەرزی پیاوان



بەهۆی ئەوەی کە ئافرەتان هەردەم پێڵاوی پاژنە بەرز لەپێ دەکەن، کە ئەمەش زیانێکی زۆری بۆ سەر تەندروستی و پشت هەیە، بەڵام بەلای ئافرەتان گرنگ نییە، وەك مۆدیەکی جوان بەکاریدەهێنن، یەکێك لە ڕێکخراوەکانی داکۆکی کردن لە ئافرەتان لە وڵاتی کەنەدا، ڕۆژێکی بۆ پاژنەبەرز سازکرد، ئەوەی سەیر بێت، ئەمجارەیان بۆ ئافرەتان نەبوو، بەڵکو بۆ پیاوان بوو، کە دەبێ لەو ڕۆژەدا هەر یەکەیان پێڵاوێکی ئافرەتانەی پاژنە بەرز لەپێ بکات و بەسەر شەقامەکاندا بسووڕێنەوە، ئەمەش بە مانای ئەوەی کە پیاو ئەو هەستە بزانێت کە پێڵاوی پاژنە بەرز چۆنە، وەك دەبینن کۆمەڵێك پیاو پێڵاوی پاژنە بەرزیان لەپێ کردووە و بەناو شەقامەکانی شاری تۆرینتۆی کەنەدیدا دەخولێنەوە.

# دەنگ گەورەترین ئافرەت

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت : ژنی شەرمن شارێك دەهێنێت، ئەمەش وەك نەریتێك بۆ گشت ئافرەتان کە تاوەکو چەند شەرمن و هێمن بن ئەوەندە زیاتر خۆشەویستتر و شیرینتر دەبن، بەڵام وادیارە ئەو ئافرەتە تایلەندییە، بێدەنگ نییە و تەنانەت دەنگی ئەوەندە گەورەیە وەك ئوتۆمبێلێکی فریاکەوتنی نەخۆشخانە وایە، ئافرەتێکی تایلەندی ناوی (گیتارات ۆنگسۆمبۆن)ی تەمەن (٥٥) ساڵە، لەگەڵ ئەوەی هەردەم بە دەنگێکی بەرز قسە دەکات، هەروەها بە پێی تۆماری ئامێرێکی دەنگپێوان، توانرا ئاستی بەرزی دەنگی ئەو ئافرەتە بپێون، ئەوەی سەیرە، ڕێژەی بەرزیی دەنگی گەیشتە (١١٠) دیزەبیل، واتە ئەوەندەی دەنگی ئوتۆمبێلێکی فریاکەوتن دەنگی بەرزە، ئەوەی سەیرە لەو کاتەی کە لە پێشبڕکێیەکدا بەشداری کرد، توانی بۆ ماوەی (١٢) خولەك بەم دەنگە بەرزە پێبکەنێت.





# تابلۆی سەیری سێ ڕەهەند

هونەرمەندە بە ئەزموونەکان لەکاری جوان و سەیر ناوەستن و هەردەم بەرهەمی جوانیان هەیە، وەك هەندێك لە بیرۆکەی تازە کە جێگەی گومانن لەو کاتەی کە تەنیا بیرۆکەیەکە و دەبێتە بەرهەمێکی سەیر، هونەرمەند و وێنەکێشێکی ئەرژەنتینی بەناوی (ئیدواردۆ ریلبیرۆ)، کە بە وێنەکێشی سەر شەقامەکان ناسراوە، دوای چەندین ساڵەی کاری ئەو وێنەکێشە لەسەر زۆربەی شەقامەکانی وڵاتەکەی، کەچی ئێستا وێنەی سێ ڕەهەندی (٣D) دروست کرد کە لە گشت بوارەکانی تەکنۆلۆژیا بەرپابووە، ئەویش هەمان بیرۆکەی لە وێنەکانیدا ڕەنگ داوەتەوە و ئەگەر سەیری وێنەکان بکەیت، وادەزانیت ڕاستییە و کەچی تەنیا بە بۆیە و فڵچە وێنەی کێشراوە.









**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لــە كاروبارەكانت بەرەو پێش دەچیت بەڵام كەمێك ماندوو بوون بە سیماتەوە دیار دەبێت، هەوڵ ئەدەی گرفتێكی خۆشەویستی یاخود گرفتێكی هاوڕێكەت چارەسەر بكەیت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەم ماوەیە بەهیچ شێوەیەك دوا نەكەوی لــەوەی كە جوانییەكــەت بەدەربخەی بەتایبەتی بۆ ئەو كەســەی كە دەمێكە سەرنجتی راكێشــاوە، ئاگاداربە زیاد لەپێویست سۆز كارت تێ نەكات.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ویســت وئارەزووەكانت ئاسانكاریت بۆ دەكەن و دەرگای زۆرت بۆ دەكەنەوە بۆ گەیشتن بۆ ئاواتەكانت و لەبواری ســۆزداریەوە ئەوەندە دڵڕەق مەبە با دڵت نەبێتە بەرد.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

تا ئێســتا گرفتی وروژندن و ســەرنج ڕاكێشــان لەبیرتایە و بەشێكی زۆری هرشــی داگیركــردووی وەك ئەوەی بڕوات بەخۆت نەبێت و بتەوێت هەموو كاتێك جوانیت بسەلمێنیت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لەوانەیــە ڕووبــەڕووی ئەزمونێكی خۆشەویســتی نــوێ ببیتــەوە كــە دەبێتە هــۆی ســەرهەڵدنی گرفت لەگەڵ خۆشەویستی ئێستاتدا، هەروەها خەریكی پلان دانانیت بۆئەوەی گەشتێك بكەیت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

پەیوەندیە خۆشەویســتیەكەت پێویستی بە ســۆزو سەپەرشــتی كردن هەیە، لێمەگــەڕێ دۆســتەكەت ئەوەنــدە لەچاوەڕوانی تــۆدا بێت و لەبیرت نــەكا، لەوانەیــە ئارامــی خۆی لەدەست بدات.



# خانمە پەتاتە خۆرەكە!

یەكێك لە گەورە نیگاركێشەكانی جیهان (ڤینسینت ڤان كۆخ)ی هۆڵەندیە، كە بە وێنە و تابلۆ جوان و ســەیرەكانی، لە پێشوو و ئەمڕۆشدا گشــت خەڵك سەرسام دەكات، یەكێك لە جوانترین تابلۆكانی باسی ئەو خانمە دەكات كە بە (خانمی پەتاتە خۆر) ناسراوە، لە ساڵی (١٨٨٥) ئەم تابلۆیەی وێنەكێشاوە.

## یاری پیت ریزكردن

**هەوڵبــدە ئەو پیتانەی ناو بازنەكان رێكبخەی ناوی ئەكتەرێكی كوردت كۆن بۆت بۆ دەربچێ .**

ۆ ت ە ن چ ح ە س ە

**وەڵامی ژمارەی پێشوو :كرماشان**

## بۆ زاخــاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (چارباخ) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بكەرەوە كە لەكۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە:

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢+٣) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ژمارەیەك دوای ژمارە یەك)
- پیتی خانەكانی (٥+٣+٢) كۆ بكەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی درەنگ)
- پیتی خانەكانی (١+٤) كۆبكەیتەوە بە مانای (ورچ بە زانی عەرەبی)
- پیتی خانەكانی (٤+٢+٣)كۆ بكەیتەوە بە مانای (فرمانی دەبێت بكە رابردوو)





# ئۆتۆمبێلێکی کۆنی فریاگوزاری!

لە سەردەمی پێشوودا بەر لە دەرکەوتنی ئۆتۆمبێل، هاتوچۆ و کاری رۆژانە زۆر قورس بووە، تەنانەت بەبێ ئۆتۆمبێل کەرەســـتە گەورە و کارە پێویســـتەکان ئەنجام نەدەدرا، بە تایبەت لە کاتی جەنگەکاندا، کە دەبوایە چەندین کەرەســـتەی قورس بگوازرێنەوە، بیرۆکەی دەرکەوتنی ئۆتۆمبێل لەو کاتە بووە، کە لە کاتی شـــەڕدا سەربازەکان بریندار دەبوون، کە دەبوایە بە خێراترین رێگە بگەیەنرێتە نەخۆشخانە، بۆیە ئەوانیش ئەم بیرۆکەیان داهێنا کە پایسکلێکە و بەشی پێشەوەی وەك نهۆمێکی بچووك وایە، کە نەخۆش و بریندارەکانی دەخرایە ناوی و یەکێکیش لە دواوە پایسکلەکەی لێدەخوڕی و دەیگەیاندە نەخۆشخانە.

## مانای خەون

**چەك:** لە خەودا ســـەرکەوتنە، یان لاچوونی نەخۆشـــییە، ئەگەر یەکێك لە ناو خەڵکێکی زۆری بێ چەکدا چەکی هەڵگرتبێت ئەو کەســـە بە گوێرەی چۆنییەتی جۆری چەکەکە دەبێتە کەســـێکی گەورەی ئەو خەڵکە، ئەگەر ببینێت خەڵکی سەیری دەکەن و ئەویش چەکی هەڵگرتووە ئەو خەڵکە ئیرەیی پێدەبەن، ئەگەر خەڵکەکە هەموویـــان پیرو بە تەمەن بوون ئەوانە دۆســـت و هاوڕێن، ئەگەر گەنج بـــوون ئەوانە دوژمنن، ئەوەی ببینێت چەکی هەڵگرتووەو دەتوانێت بەکاریشـــی بێنێت نیازو مەبەســـتی بەدی دێت، چەك بۆ نەخۆش مردنە، لەوانەیە چاك ســـازی ئایین بێت، ئەگەر ترسی لەگەڵ بێت بۆ نەخۆش چاك بوونەوەیە، ئەگەر سەفەری کردبێت بە سەلامەتی دەگەڕێتەوە.

سەرچاوە: خەوننامە !



## پەندی ناوداران

**- مارتن لۆسەر کینگ**


**تۆ تەنیا لەسەر ئەوە لێپرسینەوەت لەگەڵ ناکرێت کە دەیڵێیت، بەڵکو لەسەر ئەوەش لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکرێت کە نەتگوتووە لە کاتێکدا پێویست بووە بیڵێیت!**




## دیـوانـە شـیعر

**- پارچە شیعری حەیات خان :**


**سروشتان چەند لەیەك دەچێت،**
**ئەو لە ئاسمان**
**دڵۆپ دڵۆپ،دادەبارێ،**
**تۆش لە چاوما**
**بە نهێنی دێیتە خوارێ.**
**س: شیعری کوردی**





**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

هیـــچ ئامۆژگارییـــەك فەرامۆش مەکە کە هاورێکەت یان دۆســـتەکەت پێشکەشت دەکات، تەندروســـتیت بەروباشـــی دەچێت، پەیوەندیە سۆزداریەکەت سەر لەنوێ دەبوژێتەوە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

هەرچەندە مێشـــکت بەزۆر شت جەنجاڵە لەگەڵ ئەوەش بە بەشـــی خۆت رازی، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ ترسێکت لە پاشەڕۆژت نییە.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

هەنـــدێ کەس لۆمەت دەکـــەن کە هۆش و ژیرییەکـــی زۆرت هەیە بەڵام ئازایەتییەکی کەم، هەوڵبدە پێچەوانەی ئەمە بسەلمێنیت، لەوانەیە کەمێك بێ ئومێد بیت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەم ماوەیە گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندی تـــۆدا دەبـــن، ماوەیەکـــی بەســـوودو بەبەرهەم دەبێـــت، دووركەوە لە دڵڕاوکێی خۆشەویســـتی، هەواڵێکـــی خۆشـــت لەناکاو پێدەگات.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هیـــچ زەحمەتییەکت نییـــە لەبواری ئابورییەوە، بەشێوەیەکی کتوپڕ بیرت بۆ ئەوە دەبات کە بەرەو گەشەسەندنێکی فکری بڕۆیت، کەمێکیش هەســـت بە ماندووبوون دەکەیت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بەپێکەنین و خۆشی پێشوازی لەم مانگە دەکەیت، هەست بە ئارامی و خۆشەویستی دەکەی، بـــەڵام پێویســـتە دووربکەویتەوە لەگرفتی دڵپیســـی، ئەگینا خۆشییەکەت زۆر ناخایەنێت.

## نوکتە



- هەزارپێیـــەك چـــووە خوازبێنـــی مێرولەیـــەك تا شـــووی پێ بکات، بەڵام پێی قابیل نەبـــوو، بەبیانووی ئەوەی مێرولەکە توانای ئـــەوەی نییە هەمـــوو رۆژێ ٥٠٠ جووتـــە گۆرەوی بشوات.